بارزانی ستایشی دووبارە هەڵبژاردنەوەی نوری مالیکی بۆ ئەمینداری گشتی حیزبی دەعوە دەکات

بەبۆنەی هەڵبژاردنەوەی وەکو ئەمینداری گشتیی حیزبی دەعوەی ئیسلامی؛ سەرۆکی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە نوری مالیکی دەکات.

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا رایگەیاند، "بەبۆنەی دووبارە هەڵبژاردنەوەیان بەو ئەمینداری گشتیی حیزبی دەعوەی ئیسلامی لە کۆنگرەی نۆزدەیەمیدا، بە گەرمی پیرۆزبایی لەو برای بەڕێزم نووری مالیکی دەکەم، هیوای سەرکەوتن بۆ خۆیان و حیزبی دەعوە دەخوازم."

سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەش کردووە، "نوێکردنەوەی متمانە بۆ بەڕێزیان، ڕەنگدانەوەی ئەو خزمەت و ڕۆڵە سیاسییە دیارەیە کە بینیویانە و مایەی ڕێز و پێزانینە".

نێچیرڤان بارزانی دەشڵێت، "دڵنیام ئەزموون و شارەزایی بەڕێزیان بەشدار دەبێت لە بەهێزکردنی دیالۆگی نیشتمانی و پتەوکردنی بنەماکانی سیستمی دیموکراسی و هاوبەشی و لێکگەیشتن لەنێوان هەموو

پێکهاتەکانی گەلی عێراقدا."

ئەوەش لە کاتێکدایە، ئەمڕۆ شەممە 12ی نیسانی 2025 حیزبی دەعوەی ئیسلامی لە کۆنگرەی 19یەمینی خۆیدا نوری مالیکیی بۆ ئەمینداری گشتیی حیزبەکە هەڵبژاردەوە.